

## لەیادی 49 ساڵەی هەڵگیرسانیدا...

# شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێکی گەرم لەبارودوخێکی (سارد)دا

**رەشید مەلا عەلی کۆلەکی***

دیارەمێژووی نەتەوە و وولاتان و پەیوەندیەنێودەولەتیەکان ئەوراستیە دەردەخەن کە مروڤەکان قوناغ و سەردەمی جیاجیایان بریوە وبەبارودوخی ئالوز و مەترسیداردا تێپەریوون. شتێکی سروشتیشە هەرقوناغێکیش تایبەتمەندی خوی هەیە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بەبەرژەوەندی زلهێز و ووڵاتە بریاربەدەستەکانەوە هەیە، کەدەبێتە هۆی گرتنە بەر یان دارێشتنی سیستەمێکی گونجاوی رێک وهاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان.

زورجار سیستەمی ناو پەیوەندییە نێودەولەتییەکان بونەتە مایەی کارەسات و لەناوچونی نەتەوەجیاجیا وتەنانەت وڵاتە سەربەخوەکانیش، گەلی کوردیش یەکێکە لە و گەلانەی باجێکی زوری داوە لەبەر نەگونجانی سیستەمی ناوپەیوەندیەنێودەولەتیەکان (بەرژەوەندی ولاتەبریاربەدەستەکان) لەگەڵ مافەرەواکانی گەلی کورد)، بەدرێژایی مێژوو بەرژەوەندی زلهیزەکان سیستەمێکی تەواو پێچەوانەی ویست وداخوازی ومافەکانی کوردی هێناوەتە ئاراوە. ئەمەش بوتە هۆکاری سەرئێشەیەکی زور بوگەلی کورد لەرێی رزگاری نیشتیمان و دامەزراندنی دەولەتێکی نەتەوەیی سەربەخوی تایبەت بەخوی وەک هەمو ئەو نەتەوانە ی ئەمرو خاوەنی دەولەتی تایبەت بەخویانن. گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی هاوکات روبەروی کۆمەڵی ئاستەنگ وتەنگ و چەڵەمە و بەربەستی ئالوز وتەنانەت مەترسیداریش بۆتەوە. خویندنەوە و پێداچونەوەیەکی ووردی ئەو بارودوخە ئالۆزو دواکەوتوییەی کوردستان، کاودانەبەستراوەییەی عێراق لەهەموریەکەوە، قوناغ وسەردەمە ئالوز ونەگونجاوەکەی (جیهان) ی دوای شەری دووەمی جیهانی کە بە شەری سارد ناوبانگی دەر کرد ودابەشبۆنی جیهان بەسە رهەردوو سۆپەر زلهێزی وەک ئەمریکا و یەکێتی سوفەتی پێشوو، زیاتر گەورەیی، گرنگی، کاریگەری ولێهاتوویی شورشی ئەیلول وسەرکردە بلیمەتەکەی بارزانی نەمر لە ناو ململانێیە نێودەولەتییەکان دا دەخاتەرو. بەبێ پێداچونەوە و خوێندنەوەیەکی ووردی مێژوویی وزانستی و تەنانەت سیاسیش ناکرێ وناتوانرێش پەی بە کاریگەری ورولی شورشی ئەیلول لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دا ببردرێ. بویە لەجێی خویەتی وپێویستیشە سەیرێکی ئەوبارودوخە عێراقی وناوچەیی ونێودەولەتیە بکرێ کە شورشی ئەیلولی تێیا هەڵگیرسا و ئاوردانەوەیەکی مێژوویی لە روداوە نێودەولەتیەکانی بەر لەشورشی ئەیلول بدرێتەوە، بوئەوەی ئەو تەحەدی ومەترسیانە بخرێنە رو کە شورشی ئەیلول وبارزانی نەمر وبەشداربووەسەربلندەکانی شورش دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرم کرد. قوناغی شەری سارد کەبەتەواوی لەسالی 1945و دوای کوتایی هاتنی شەری دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد، کۆمەلێ پێشهات وگورانکاری وتایبەتمەندی بەدوای خوی داهێنا، کە جیابون لە سەردەمی پێش خوی. پارتی دیموکراتی کوردستان وەک پێویستیەکی مێژوویی لە سەرەتای وێنەگرتنی قوناغی شەری سارد دا دامەزرا بەسەروکایەتی بارزانی نەمر، واتە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکات بو لەگەڵ دەسپێکی باردوخی شەری سارد، بەواتایەکی تر هەر لەگەڵ دامەزراندنی دا، پێویست بو پارتی لەگەڵ ئەو بارودوخە دەست و پەنجەنەرم بکات، ئەوبارودوخەی کەبەهیچ جورێ لەگەڵ ویست وخواستەکانی کورد دا، یەکی نەدەگرتەوە. هەرچەندە ئەمەیان بابەتێکی تر وپێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت هەیە و مەبەستی نوسینەکەش نییە، بەلام ئەمە ئەوراستیەنیشان دەدات کەلەپێناو بەرگری کردن لەماف وپاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد هەرلەسەرەتای دامەزراندنییەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەروکایەتی بارزانی نەمر روبەروی کاودانی نالەبار و نەگونجاو ومەترسیداربونەوە. بەو پێیەی گەلی کوردو لەپێشیانیشەوە بارزانی نەمر وپارتی دیموکراتی کوردستان نەبونە بەشێک یان پاشکۆی هیچ کام لە و دووزلهێزە، دەبوایە لەوەهابارودوخێکدا، لەجیهانێکی دووجەمسەر ی دا، کەحەرەکەت کردن وجۆلەکردن تێدا کارێکی ئاسان نەبو، لەنێوان دووبەرژەوەندی دژبەیەک وتەواوپێچەوانە، لە ولاتێکی پشت بەستراو بە پێشکەوتوترین چەکی سەردەم و هاوکاری ئابووری ودارایی وسیاسی و فەرهەنگی یەکێ لەودووجەمسەرە، لەناوچەیەکی دەور وئابلۆقە دراو پێکەوەبەستراو بەکۆمەڵێ پروتوکول ورێکەوتنامە ی سیاسی، ئابووری وسەربازی و. . . . . . . . هتد، بەرگری لەمانەوەی گەلێکی بن دەستی وەک گەلی کورد بکەن کە ناسنامەکەی لەمەترسی لەناوچون دا بو (بەلام من هەمیشە ئەوە دەلێمەوە کەلەکاتی خوێندنەوەی مێژوودا پێویستە روداوەکانی هەر قوناغ و سەردەمێک بەکامیرای ئەو سەردەمە ببینین، ئەگینا توبێیت و بەکامیراوچاوی ئێستا سەیری رابردووبکەیت ئەوا خوێندنەوەکەت وتەنانەت حوکمەکەشت ناتەواو دەبێت ). پەیوەندیەکانی هەر دوو زلێز لەماوەی شەری سارددا بەقوناغی جیاجیا و هەوراز ونشێوی زوردا تێپەریوە، لەسەرەتای دەیەی پەنجاکانی سەدەی رابردو، کۆمەڵێ گورانکاری هاتنەئاراوە کە بونەهۆی کەم بونەوەی بارگرژی نێوان هەردولادا، شتێکی سروشتیشە جۆرو شێوازی پەیوەندی باوی نێوان هەردوولادا بەنیگەتیف یان پۆزەتیف کاریگەری راستەوخوی بەسەر ولاتان و ناوچەجیاجیاکانی جیهان بەجێ دەهێشت. هاتنەسەرکاری ( ئایزنهاوەر ) لەئەمریکا، مەرگی (ستالین ) لە سەرەتای پەنجاکاندا، زەمینەیەکی لەباری رەخساند بو ئەگەری لێک نزیک بونەوەی ئەمریکا وسوفیەت. دوابەدوای ئەم روداوانە ئاسەوارەکانی دەرکەوتن، سوفیە ت وازی لەداواکاریەکانی هێنا سەبارەت بەخاکی تورکیا، پەیوە ندیەکانی سوفیەت وئیسرائیل بەرەو باشی رویشت، دوای چەندین جار دەربرینی نارەزایەتی دژی پالاوتنی ( داک هامرشولد) بوپوستی سکێرتێری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، سوفیەت رازیبو بە پالاوتنی بوئەو پوستە، شەری کوریا کوتایی پێ هات. هەربوئەم مەبەستە گەورەبەرپرسانی سوفیەت سیاسەتێکی نەرمتریان گرتەبەر، بەرامبەر روژئاوا. سالی 1955 سوفیەت رەزامەندی نیشان دا بودامەزراندنی دەولەتی سەربەخولە نەمسا، هەر لەدرێژەی ئەوهەول وتەقەلایانەکە بوئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولادران، لە روژانی 21 -18 تەموزی 1955و لەفەرەنسا کونفرانسی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا بەرێوەچو بەئامادەبو ن و بەشداری هەریەکە لە ( خروشف، ئایزنهاوەر، بولکاتین، ئایدن وئادگارنو)، کەتێداکۆمەلێ پرس وبابەتی نێوان هەردوولادا باس وخواسی لێکرا. لەو کونفرانسەدا هەولّ درا بیری ( پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ) جێی (شەری سارد ) بوهەتا هەتایی بگرێتەوە. بەلام هاوکات لە گەل ئەوهەولانەی لەم پێناوەدا دەدران، پەیوەندیە ناوخوییە کانی ناو هەردووجەمسەرەکە بەرەو ئاقارێکی تر هەنگاویان دەنا لەپێناو پاراستن وبەرفراوانترکردنی سنوری ناوچەی نفوزی خویان. روداوەکانی پولونیا، مەجەر لە 1956وپشت گوی خستنی ئەوراپەرینانە لەلایەن ئەمریکاوە، تەنگ وچەلەمەی کەنالی سوئیز لە 1956 ئەو ەی خستەرو کەهەردوولا لەهەولی پەرەپێدانی ناوچەکانی نفوزی خویانن ولەهەمان کاتیشدا دەرفەتی دەست تێوەردان بەیەکتر نادەن لەناوچەکانی ژێردەسەلاتیان. لەهەمان کات دا هەردوولاهەولّیان دا بوئەوەی هەرچی زیاتر لایەنی تر گوشەگیر بکەن و گوشاری بخەنەسەر. ئەمریکا پەیمانی ناتوی هێنایە ئاراوە، لە سالی 1951 پەیمانی (ئانزوس) ی دامەزراند. لەناوچەکەداو لە 1954 پەیمانی ولاتانی باشوری روژهەلاتی ئاسیا (سیتو) ی دامەزراند، پەیمانی بەغدا (سەنتو) ی لە 1955بە بەشداری عێرا ق، تورکیا، ئێرا ن و پاکستان، (خوی بەشدارنەبو)، دامەزراند. واتە وبەوشێوەیە توانی هێلێکی بەرگری وفراوان بەدەوری جیهانی شیوعی دا بکێشێ و ئابلوقەیەکی تەواو بخاتە سەر سوفیەت لەناوچەکەدا. بەمەبەستی کەمکردنەوەلەگوشارەکانی ئەمریکا، سوفیەتیش دەستی کرد بە هاوکاری وپالپشتی کردنی سیاسی، ئابوری ودارایی وسەربازی لەبزوتنەوە رزگاریخواز و نەتەوەییەکانی جیهانی سێیەم و بوئەوەی بەم جورە لەئەمریکایان دوربخاتەوە. دوابەدوای ئەم هەولانەی هەردوولا ململانێی نێوان هەردوو لا روخسارێکی تری وەرگرت و لەکوتاییەکانی سالی 1956دا دوو زلهێزەکە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە شەری سارد ی نێوان هەردوو لا دەکێشرێتە ناو ولاتانی جیهانی سێیەم و بەمەش بارودوخ و روداوەکانی ناو ئەو ولاتانە روخسار وشێوازێکی تری بەخووەگرت و ئەرکی بزوتنەوە ئازادیخواز ورزگاریخوازەنیشتیمانیەکانی ناو ولاتانی جیهانی سێیەم چووە قوناغێکی ترو مەترسیدارتر، بەتایبەتی ئەو بزوتنەوانەی وەک گەلی کورد وەک ئاماژەی پێ درا کە سەربەهیچ زلهێزێک نەبون، ئەرکیان قورستر و مەترسیدارتر بوو. لەوکاتەدا ولاتانی جیهانی سێیەم گرنگیەکی بەرچاویان نەبو، سالی 1945 رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەئیمزای 51ولات دامەزرا، سالی 41 ?1959 ولات بونە ئەندام لەورێکخراوەدا کەگشتیان لەولاتانی جیهانی سییەم بون. بویەهەردوو لا لەهەولی کونترۆل کردنی ولاتانی جیهانی سێەم دابون چ ئەو ولاتانەی بەداگیرکراوی مابونەوە وچ ئەوولاتانەی دوایشەر سەربەخویی خویان وەرگرتبو و لە کوبونەوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان سودیان لەدەنگیان وەردەگرت. دوای سالی 1957دیاردە وسیاسەتی خوپرچەک کردن بەزیانی ئەمریکا گورانی بەسەرداهات، ئەمەش بوەهۆی سەرهەلدانەوەی بارگرژی نێوان هەردوولادا. لەئابی 1957دا (خروشف) رایگەیاند کە سوفیەت موشەکێکی داهێناوە کە لەتوانای دایە بارێکی ئەتومی بو سنورێکی دور بگوازێتەوە. لە ئوکتوبەری هەمان سال دا سوفیەت مانگێکی دەستکردی بەناوی (سپوت نیک) ی خستوتە بوشاییەوە، ئەمەیان روداو وپێشهاتێکی گەورە بو بەنسبەتی ئەمریکاوە و لەئەمریکادا بەراوردکرابە روداوی(( پرل هاربور لە1941دا)). ئەمەش بەومانایەبو کەموشەکی دورهاوێژ وکشوەر بڕ، سوفیەتی پێش ئەمریکا خستووە، نەک ئەمە، بەڵکو هەموشارەکانی ئەمریکا ش لەژێر دەستی موشەکەکانی سوفیەتی دان. ئەمەش ئەمریکای ناچار بەکاردانەوە کرد ویەکەم کاردانەوەی ئەمریکاش بریتی بولە دانان وجێگیرکردنی موشەکی مەودناوەند ولەجوری( تۆر و ژوپیتر ) لەسەرخاکی ئیتالیا وتورکیا وبریتانیا کەلەلایەن ژنەرال (نورستار ) ەوە پێشنیار کرابو و بە پروژەی ( ئێم. سی 70 ناسرا. سالی 1959 نورستار) پێشنیاری کرد کەناتو دوای هەریەکە لە(ئەمریکا، سوفیەت و بەریتانیا) ببێتە چوارەمین هێزی ئەتومی. لەهەمان کاتدا ولاتانی ئەندامی ناتو لەهەولی پەرەپێدانی چەکە غەیرە ئەتومیەکانیان دا بون، بەتایبەتی کە کێشەی وەک لوبنان لەسالی 1958کەبووە هۆی دابەزینی هەشت هزار سەربازی ئەمریکی لەخاکی ئەو ولاتە، ئەو راستییەی سەلماند کەهەمیشە ناکرێ سود لەچەکی ئەتومی وەربگیرێ، بویە وبوئەم جورەکارانە پێویستە سود لەهێزە کلاسیکەکان وەربگیرێ. ئەمریکا یەکەم مانگی دەستکردی خوی لە31یکانونی دووەمی 1958دارەوانەی بوشایی کرد. هەروەها هەولی دا هێز وتوانا کانی بەجورێ بەرز بکاتەوە کە بتوانێ دووەمین زەربە دوای یەکەم زەربەی دوژمن بوەشێنێ. هەروەها دەستی کرد بەدروستکردنی موشەکی جوری ( مینوتمەن) وکەشتی ژێر دەریایی ی هەلگری موشەکی (( پلاریس)). خوپرچەک کردن، کاریگەریەکی نیگەتیفی کردەسەر پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو زلهێزەکە. تەنگ و چەلەمەکانی ( بەرلین، کوبا، کێشەی نێوان چین وهیندستان، سەرهەلدانی هێزێکی نوی بەناوی بزوتنەوەی بێ لایەن لە ولاتانی جیهانی سێیەم، هاتنەئارای هێزی ولاتانی ئەوروپای روژئاوا وەک هێزێکی تازە لەناوپەیوەندیەنێودەولەتیەکاندا، سەرهەلدان وپەرە ساندنی هەستی نەتەوایەتی لەولاتانی روژهەلاتی ئەوروپادا و سەرهەلدانی هێزەکانی ئاسیای ناوەراست و. . . . . . . . هتد لەکوتایی پەنجاکان وسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا بونەهۆکاری هەلکشان وپەرەساندنی گرژی وئالوزی نێوان هەردوو زلهێزی ئەمریکا وسوفیەت. هەموئەو روداوانە بونەهوکاری ململانێیەکی توندی نێوان هەردوولادا لە پێناو خوپرچەک کردن ودەست خستنی تەکنولۆژیای سەربازی نوێ و پێشکەوتو. عێراق ولات وشوێنێک بو کەپێگەورۆلێکی گرنگی هەبو لە ستراتیژی وسیاسەتی هەردوو زلهێزی ئەمریکاوسۆفیەت دا وبەدرێژایی مێژووی دا مەزراندنی وبەتایبەتی لەسەرەتای دەیە کانی شەست وکوتا یی حەفتایەکانی سەدەی رابردوو، عێراق یەکێ بووە لەو ولاتانەی کەزۆرترین بایەخ وگرنگی پێ دراوە وتەنانەت چەندین جاریش ئەم بەروئەوبەروئەملاوئەولا وبادانەوەی کردوە لە رۆژهەلات بورۆژئاواو، لەرۆژئاواوەبۆ رۆژهەلات و لە دواجاریش بۆ رۆژئاواوە. ئەم لاو ئەولاکردن وچونە پال یەکێ لەو دوو زلهێزە لەقۆناغ و بارودۆخەجیاجیاکاندا، بارودۆخێکی تایبەت ودژواروبەستراوەیی ئالۆز وسەختی بە عێراق بەخشیبو کەئەگەری رودانی هەرجۆرە جەم وجۆل وراپەرین وسەرهەلدان وشۆرەشێکی لەناو عێراق دا کردبووە کارێکی یەکجار ئاستەم وتەنانەت بەرەوالەت مەحالیش، سەرهەلدان وسەرکوتکردنی شۆرەشەکانی شێخ مەحمود، 1920ی گەلانی عێراق لەباشوور، یەکەمی بارزان لە سییەکان، دووەمی بارزان، کودەتایەک لەدوا یەکە خوێنیاویەکانی عێراق... هتد راستی ی سەخت وئالۆزی و دژواربونی بارودۆخی سیاسی وسەربازی وکۆمەلایەتی ی ناوخۆی عێراق دەخەنەرو. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە هاتنەسەرکاری حزبێکی شۆڤێنی، رەگەزپەرست، دیکتاتۆروتێنوی دەسەلاتی تا سەرچەکداربەپێشکەوتوترین چەکی سەردەم ولەبەردەست بونی گەورەترین سامانی ولاتی (عێراق ) ی وەک حزبی بەعس، بارودۆخێکی یەکجار تەنگ ودژوارو ئالۆزی ناوخۆییلە عێراق دا هێنابوە ئاراوە، کەتەواوکەری بارودۆخی ئالۆزی سیاسی وسەربازی ماوەی شەری ساردبو، بۆ لێدان وسەرکوتکردنی بچوکترین بزاڤی دژی بارودۆخی باوی ناو عێراق وهەروا لەناوبردنی هەرجۆرە جولانەوەیەکی دژی سیاسەت و ستراتیژی یەکێ لەو دوو جەمسەرە. بەو پێیەی بارزانی نەمرۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش پاشکوو بەشێک نەبون لەهیچ کام لەو دوو زلهێزەوئایدۆلۆژیەتی باوی ئەوسەردەمە، لەحالەتی هەلگیرسان یان درێژەدان بەخەبات وداواکردنی مافەرەوایەکانی کورد، دەبوایە لەیەکەم هەنگاودا روبەروبونەوەلەگەڵ ئەو بارودۆخەو تەنانەت ئەگەری روبەروبونەوەی لەگەڵ هەریەکە لەئەمریکاوسۆفیەتیش لەبەرچاوبگرن کە لەئارادابوو (چونکە عێراق لەرێی چەندین رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلی سەربازی وئابوریەوە بە یەکێ لەوو دووجەمسەرەوە بەسترابووەوە). بەلەبەرچاوگرتن و خوێندنەوەی بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی ونێودەولەتی دەیە ی شەستەکانی سەدەی رابردوو وئەوبارودۆخە ئالۆزەی شورشی ئەیلول تێدا هەلگیرسا، شۆرەش ودژایەتی کردنی رژێمێکی لەچەشنی عێراق وبۆن بەهێزی سێیەم لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا زیاتر بە موجازەفەویاری کردن بەمەرگی خۆی دەهاتە بەر چاو. (هەرچەند ناکرێ وناتوانرێ لەم دەرفەتەدا بە دورودرێژی ئەمەیان باس بکرێ وئەمەشیان پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەت هەیە بەلام بەرای تایبەتی خۆم بارزانی نەمر توانی ببێتە جەمسەری سێیەم یان چوارەم لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا، چونکە پاشکو و بەشێک نەبوونە لەرۆژئاواو نە لەرۆژهەلات، ئەندامێکی ناو بزوتنەوەی ولاتانی بێ لایەنیش نەبو (عدم الا نحیاز)، خۆولاتێکی سەربەخۆی ئیسلامیش نەبو). یەکێ لەو جیاوازیانەی شۆرەشی ئەیلول لە شۆرەشەکانی تری کورد وتەنانەت بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهانی سێیەم جیادەکاتەوە ئەوەیە شۆرەشی ئەیلول نەبوە پاشکۆی هیچ ولات وزلهێزێ، وپەیوەندی بە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکیشەوە نەبوو، راستە هەموو شۆرەش و بزوتنەوە ئازادیخواز و رزگاریخوازەکانی گەلە بن دەست و دابەش و داگیرکراوەکان لەبارودۆخێکی سەخت سەریان هەلداوسەرکەوتن، بەلام ئەگەر (هەموشیان نەلێین ئەوە زۆربەی هەرەزۆریان یەکێ لەو دوو زلهێزەی قوناغ وماوەی شەری ساردیان لە پشتەوەبوو لەروی سیاسی، مادی، لۆجیستی وسەربازیەوە، کەچی نەک شۆرەشی ئەیلول لەمە بێ بەش بو بەلکو بەپێچەوانەوە ئەمانە بونە هۆکاری نسکۆکاتیەکەی شۆرەشیش، کە ئەمەشیان باسێکی جیاوازە. سەرەرای ئەم بارودۆخ و سەردەمە ئالۆزە، شورشی ئەیلول بویەیەکی لە درێژترین شورشەکانی گەلی کورد بەدرێژایی مێژووە کەی لەهەر چوارپارچەی کوردستان دا وکۆمەلێ دەستکەوتی بوگەلی کورد بەدست هێنا کە پێشتر بەخویەوە نەبینیبو، یەکێ لەگرنگترین دەستکەتەکانی شورشی ئەیلول برینی ئەوسنورە دەستکردانە بو لەنێوان پارچەکانی کوردستان دا و بەشداریکردنی کوردەکانی هەر چوارپارچە، بەکردەیی نیشتیمانی ونەتەوەیی بونی شورشی ئەیلولی سەلماند. ئەمەوێرای ئەوە ی لەکوردستانی لکێندراو بەعێراقیش شورشی ئەیلول بو بە پردی پێکەوەبەستنی گەلی کورد لەزاخو تاخانەقینەوە، شورشی ئەیلول شورشێکی کوردستانی بو چونکە هەموپێکهاتەکانی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی رەگەزی، ئاینی ومەزهەبی بەشداری کارایان تێداکرد، شورشێکی نەتەوەیی بو چونکە کوردەکانی هەرچوارپارچە بەشداری شورشەکەیان کردولەرێی شورشی ئەیلولەوە بەرگریان لەمان وناسامە و مافەنەتەوەیەکانیان دەکرد. شورشی ئەیلول کاریگەریەکی تەواو پوزەتیفی کردەسەر خەبات وتێکوشانی گەلی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان دا. زێدەرویش نابێ گەر بلێین دەستکەوتەکانی ئەمرو ی گەلی کورد لەباشوری کوردستان دا ئەنجام وبەرهەمی شورشی ئەیلولی نیشتیمانیە بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وسەروکایەتی بارزانی نەمر. بویە دەکرێ بلێین بەراستی شورشی ئەیلول شورشێکی گەرم وبەتێن و بەهێز بو کە لەبارودوخێکی دژواری وەک بارودوخی شەری سارد هەلگیرساو بلێسەی گرت.

> **شورشی ئەیلول بووبە یەکێ لە درێژترین شورشەکانی گەلی کورد بەدرێژایی مێژووەکەی لەهەر چوار پارچەی کوردستانداو کۆمەڵێ دەستکەوتی بۆ گەلی کورد بەدستهێنا کە پێشتر بەخویەوە نەبینیبوو، یەکێ لەگرنگترین دەستکەتەکانی شورشی ئەیلول بڕینی ئەو سنوورە دەستکردانە بوو لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا و بەشداریکردنی کوردەکانی هەر چوار پارچە بەکردەیی نیشتیمانی ونەتەوەیی.**

* بەکالۆریوس لەزانستە سیاسییەکان